# ئەسپەكەی ڕەحیماوە !

ڕزگار عومەر
rezgar@dengekan.com

سەروەختێك كە ڕەحیماوە فێرگەیەك بوو بۆ ناردنی ڕۆڵەكانیان بۆپێشمەرگایەتی ، كۆڵانەكانی وخانووە تێكدراوەكانی ، هەر هەمووی لەرادیوكانی شاخدا ، دەبوو بە وێنەی شیعری ، دەبوو بە هوتافی حەماسی گەروی بێژەرەكان ، ئەوسا كەركوك بە گشتی و ڕەحیماوە بە تایبەتی لە ڕێگای ئەم وێنە دروست كردن و تەئویل كردنەدا ، كرابووە ئەو شوێنە موقەدەسەی كە ڕۆڵە هەژارەكانی خۆی پۆل پۆل بۆ شەهید بوون ڕەوانەی شاخ و كێوەكانی كوردستان دەكرد ، لەوێ لە بەرامبەر سوپای عێراقی ، لە بەرامبەر مغاویرەكانی (( بارق )) و جاشە كوردەكاندا دەبوون بە شەهیدی ژمارە ئەوەندە !

لە ڕاپەرینی 1991وە تا دەگاتە ڕووخاندنی حكومەتی بەعس ، هەتا ئەمڕۆش كە پۆلیسی عێراقی و سوپای ئەمریكا بە شەریكی ڕۆڵەكانی ئەو گەڕەكە دەكوژن ، تەنیا یەك ڕێز گرتنی مەعنەوی ، لەو هەموو بەشان و باڵ هەڵدانەی ڕابردوو بە سەر ڕەحیماوە ماوەتەوە ، كە دەكرێ لە كوژرانی ڕۆڵەكانی ئەو گەڕەكە بهێنرێتەوە یاد ،ئەم ڕێز گرتنە لە شیعرێكی مامۆستا شێركۆ بێكەسدایە ، كە ئەمڕۆ دەبێ ئەویش شیعری تر لە سەر ڕەحیماوە بنووسێ ئەگەر بیەوێ ، ئەو شیعرەی ئەویش نەبێ بە ئەرشیفێكی بەجێماو ، لەیەكێك لە وێنەكانی شیعرەكەی مامۆستا شێركۆ هاتووە : كە ئەسپێك لە ڕەحیماوە دەحیلێنێ !

ئەمڕۆ ئەو ئەسپەی ڕەحیماوە برسیترو تووڕەترو هەژارترە لە جاران ، كۆپتەرەكانی دەستكردی ڕووسیای لێ گۆڕاوەو كۆپتەرەكانی ئەباتشی ئەمریكا بە تەكنەلۆژیایەكی پێشكەوتوتر نیشانی لێ دەگرن ، سوپای ئەمریكا و پولیسی عێراقی بە كوردو عەرەب و توركمانەوە هەر هەمووی لە تەقەكردنا لە و ئەسپە شەریكن ! ئەم ئەسپە ئەگەر بیەوێ ڕەحیماوە بەجێ بێڵێ یان نەچێتەوە كەركوك ، بێ بۆ سلێمانی یا هەولێر یان هەر شارێكی كوردستان ، ئەوا لەزمانی سەرۆك كۆماری عێراقەوە ، بە كوردیەكی پاراو بە خائین لە قەڵەم دەدرێ ، كەركوك بۆ یەكێتی قودسی كوردستانە ، بۆ پارتی دڵی كوردستانە ، بۆ ئەسپەكەی ڕەحیماوەش زیندانێكی تەنگە نەفس و گۆڕستانە ، زیندانێكە پڕ بووە لە وادەو بەڵێنی درۆی هەڵبژاردنەكان چ عێراقی و چ كوردی !

ئەو فیشەكانەی ئەمڕۆ لە ڕەحیماوە لە دڵی ئەو ئەسپە درا ، هەمان ئەو فیشەكانەیە كە لە ئاكرێ و كەلار تەقەی پێ كرا ،ناڵەیەك لە دڵی كۆڵان و گەڕەكەكانی ئەم شارو ئەو شاری كوردستاندایە ، ڕۆژێ لە گەرمیان ڕۆژێ لە بادینان ، ڕۆژێك لە گەڕەكی ساردو سڕی پەنای گەرمای ئاگرەكەی بابەگوڕ گوڕ ، ئەم ناڵەیە سبەینێ لە یەك كاتدا دەبێ بە حیلەو گەواڵە ، دەسەلات چ كوردی بێ چ عەرەبی بێ ، ئەبێ لەوە تێ بگەن لە هەر كۆلان و گەڕەكێكی هەژار نشینی كوردستان ، ئەسپێك وا پیش دەخواتەوەو لە تووڕەییدا خۆی دەگەوزێنێ !